# پرۆگرامکردنی تاکی کورد لە ڕێگەی زمانەوە شیعری (دڵدار) بە نموونە

دەریا جمال حەویز

بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی پراکتیکییە، لە چوارچێوەیدا هەوڵدەدەین قسە لەسەر چەند دەقێکی ـ دڵدار ـ ی شاعیر بکەین، کەوا دەشێت لەچوارچێوەی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری بخوێندرێتەوە و هۆیەك بن بۆ کارتێکردن بەسەر لاوانی کورد. کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە چەند دەقێکی شیعری ـ دڵدار ـ ی شاعیر کەوا بە نموونەی گونجاوی دەزانین بۆ ئەو باسەی دەمانەوێت قسەی لەسەربکەین، هەر ئەمەش هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بوو بۆ لێکۆڵینەوەکە.
لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین پەیوەندی نێوان زمان و ئەقڵ لەم شیعرانەدا بدۆزینەوە، کە لە شێوەی جۆرێک لە ئامۆژگاریکردن دەردەکەون و بەهۆیەوە شاعیر دەیەوێت کاریگەری هەبێت بەسەر لاوانی کوردی سەردەمی نووسینی شیعرەکە و سەردەمی دواتریش، ئەمەش جۆرێکە لە پرۆگرامکردن کەوا بە ئەرکێکی سەرەکی زمانەوانی دەماری دادەنرێت، هەروەکو لەمەودوا لە ڕێگەی ناساندنی چەمك و زاراوەکانەوە ئەو بابەتە زیاتر ڕووندەکرێتەوە.
لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بریتییە لە (زمانەوانی دەماری لە ڕووی چەمك و زاراوە)، لەم بەشەدا هەریەکە لە زمان و زمانی شیعری، دواتر چەمك و زاراوەی زمانەوانی دەماری وەك زانستێکی تازەی بواری زمانەوانی ڕوونکراوەتەوە، لە بەشی دووەمدا بە ناونیشانی (پرۆگرامکردنی لاوان لە ڕێگەی زمانەوانی دەماری ـ بە نموونەی شیعری دڵدار)، هەموو ئەو نموونە شیعرییانەی شاعیری گەورەی کورد دڵدار شیکراوەتەوە کەوا پێیوایە جۆرێك لە پرۆگرامکردنی لاوانی کوردی تێدایە بە هۆی بەکارهێنانی زمانێکی شیعری تایبەت، ئەمەش کرۆکی لێکۆڵینەوەکەمان پێکدەهێنێت. دواتریش ئەو ئەنجامانە خراونەتە ڕوو کە لە لێکۆڵینەوەکە بەدەستهاتووە، لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەبینرێت.

**وشە سەرەکییەکان:** زمانەوانی دەماری، زمانی شیعری، دڵداری شاعیر، پرۆگرامکردن، شیعری نوێ.

## ١. پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی (پرۆگرامکردنی تاکی کورد لە ڕێگەی زمانەوە ـ شیعری (دڵدار) بە نموونە)، لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی پراکتیکییە، لە چوارچێوەیدا هەوڵدەدەین قسە لەسەر چەند دەقێکی ـ دڵدار ـ ی شاعیر بکەین، کەوا دەشێت لەچوارچێوەی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری بخوێندرێتەوە و هۆیەك بن بۆ کارتێکردن بەسەر لاوانی کورد. کەواتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە چەند دەقێکی شیعری ـ دڵدار ـ ی شاعیر کەوا بە نموونەی گونجاوی دەزانین بۆ ئەو باسەی دەمانەوێت قسەی لەسەربکەین، هەر ئەمەش هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بوو بۆ لێکۆڵینەوەکە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین پەیوەندی نێوان زمان و ئەقڵ لەم شیعرانەدا بدۆزینەوە، کە لە شێوەی جۆرێک لە ئامۆژگاریکردن دەردەکەون و بەهۆیەوە شاعیر دەیەوێت کاریگەری هەبێت بەسەر لاوانی کوردی سەردەمی نووسینی شیعرەکە و سەردەمی دواتریش، ئەمەش جۆرێکە لە پرۆگرامکردن کەوا بە ئەرکێکی سەرەکی زمانەوانی دەماری دادەنرێت، هەروەکو لەمەودوا لە ڕێگەی ناساندنی چەمك و زاراوەکانەوە ئەو بابەتە زیاتر ڕووندەکرێتەوە.

لێکۆڵینەوەکەمان جگە لەم پێشەکییە، لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بە ناونیشانی (زمانەوانی دەروونی لە ڕووی چەمك و زاراوە)، لە دوو تەوەرە پێکدێت کە بریتین لە هەردوو تەوەرەی (زمان و زمانی شیعری)، ( زمانەوانی دەماری)، بەشی دووەم بریتییە لە (پرۆگرامکردن لە ڕێگەی زمانەوانەوە لە شیعری دڵداردا)، ئەویش بابەتەکانی (گەشبینی وەک بنەمایەک بۆ سەرکەوتن، بڕیاردانی دروست بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن، دەرکەوتن بە ئاکاری جوان، بڕوابەخۆبوون، کارکردن و ڕەنجدان بۆ

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢ (٢٠٢٣)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٠ ئاب ٢٠٢٢؛ پەسەندکردن: ٢١ تشرینی دووەم ٢٠٢٢
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٩ کانوونی دووەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: darya.jamal@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٣ دەریا جەمال حەویز، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp95-104

خزمەتکردنی کۆمەڵ، ڕەخنە لە خۆگرتن و چاوپۆشی کردن لە هەڵەی کەسانی تر) لە خۆ دەگرێت. دواتریش گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکە بەدەستهاتوون و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرجەم سەرچاوە بەکارهاتووەکان بەرچاودەکەوێت.

## بەشی یەکەم : زمانەوانی دەماری لەڕووی چەمک و زاراوە

### زمان و زمانی شیعری:

ئاشکرایە زمان هۆیەکە بۆ لە یەکگەیشتنی تاکەکانی مرۆڤایەتی، هۆکارێکە بۆ پەیوەندیکردنی مرۆڤ لەگەڵ یەکتردا، زمان مەرجی سەرەکییە بۆ دروستبوونی کۆمەڵگاکان،(( زمان سیستەمی گواستنەوە و گەیاندنی هزرە، هەروەک دیوی دەروەوشێتی، دەکرێ بڵێین ئەو دەفرەیە کە سەرجەمی هزرەکانی لە هەناوی خۆیدا جێکردوتەوە و دەیانپارێزێ. مەگەر بە زۆری زۆردارەکی، لە تەواوی بەها و ڕەوشتە ئینسانییەکان رووت بکرێتەوە، دەنا مرۆڤی سەردەم ناتوانێ بە بێ زمان بژی. هەربۆیەکا بە درێژایی مێژوو هیچ داهێنانێکی گرنگ لەودیوی زمانەوە بەرپا نەبووە و نەهاتۆتە ئاراوە))،(حەسەن، ٢٠٠٦: ٣٣) کەواتە کۆمەڵ بێ زمان بەڕێوە ناچێت، هەربۆیە دەگوترێت،(( زمان دیاردەیەکی کلتوورییە، بۆیە گەلێک پەیوەستە بە بونیادی کۆمەڵایەتی و بەهاکانی سیستەمی کۆمەڵگا))،(خۆشناو، ٢٠١٣: ١٦) کەواتە هیچ چالاکییەکی مرۆڤ نییە، زمان تێیدا بەشدار نەبێت، جا لەبەرئەوەی (( ئەدەب بە گشت لکەکانیەوە دەست پێداهێنان، پەرەپێدان، ڕازاندنەوە، تیفتیفە و باڵاپێکردنی زمانە، بەڵێ هەموو لکەکانی ئەدەب بریتین لە گەمەی زمان))، (حەسەن، ٢٠٠٦ : ٣٤) شیعریش بەشێکە لە دوو بەشە سەرەکییەکەی ئەدەب، کەوا بریتین لە شیعر و پەخشان، ئەوەی کە شیعر لە پەخشان جیادەکاتەوە بریتییە لە چەند ڕەگەزێکی دیاریکراو کەوا خۆیان لە بیر، خەیاڵ، کێش و مۆسیقادا دەبیننەوە، بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ڕەگەزانەش زمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، بەڵکو یەکێك لە پێکهاتە و بنەماکانی دروستبوونی شیعر بریتییە لەو زمانەی شیعری پێ دەنووسرێت، هەروەك سەباح ڕەنجدەری شاعیر دەڵێت،(( زمان ناوەندی پێکەوە گونجاندن و کۆکەرەوەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شیعرە. هیچ شیعرێکیش بە بێ بیرکردنەوەی زمان ناتوانێت بوونی سەربەخۆیی خۆی دیاری بکات، زمان بیردەکاتەوە، ئەوجا شیعر دەخولقێت...)).(ڕەنجدەر، ٢٠١٤: ٢٠١) و یەکێك لە ئیشە سەرەکییەکانی شاعیریش بریتییە لە ئیشکردن لە بواری زماندا بۆ ئەوەی جوانی و ستاتیکایەك بداتە شیعرەکەی، ئەو زمانەی شیعری پێدەنووسێت لە دەربڕین و دارشتندا جیایە لە زمانی ئاسایی خەڵك، ئەوەیە کە بە زمانی شیعری ناسراوە.

لە ڕاستیدا زمانێکی تایبەت بە شیعر بوونی نییە کە شاعیران بەرهەمی پێ بنووسن وەك ئەوەی کە زمانێکی تایبەت بە مۆسیقا هەیە و لە هەموو وڵاتانی دونیادا میوزیککاران دەیخوێنن و فێری دەبن، بەڵکو زمانی شیعری بە یەکێك لە پێکهاتەکانی بنیاتنانی شیعر دادەنرێت، ئەم گرنگیپێدانەش بە زمان وەك پێکهاتەیەکی شیعر، لە دێر زەمانەوە لای فەیلەسوفانی یۆنان و ڕۆمانی کۆن دیاردەکەوێت، بۆ نموونە لای فەیلەسوفانی یۆنان، (( بایەخدان بە زمانی شیعر و جیاکردنەوەی لە زمانی ئاسایی خەڵك و دیاریکردنی سروشت و خاسیەتە تایبەتەکانی ئەو زمانە هەر لە کۆنەوە لە لایەن ئەفلاتون و ئەرستۆوە باسکراوە و لێیکۆڵراوەتەوە، ... ئەفلاتون جۆرە تایبەتییەکی داوەتە شیعر و هەر زوو هەستی بەو جیاوازییە کردووە کە شیعر بەهۆی قاڵبە هونەرییەکەوە پەیدایکردووە و گەیشتۆتە ئەو ڕایەی کە بە نەمانی ئەو قاڵبە هونەرییە لە پەخشانێکی ڕووت بەولاوە شتێکی تری لێ دەرناچێت))، (سابیر، ٢٠٠٦: ٢٨١) واتە ئەفلاتون بەو ڕاستییە گەیشتووە کە کۆمەڵێك پێکهاتە هەیە بۆ بنیاتنانی شیعر و بە لە دەستدانیان شتێك نامێنێت کە بە شیعر ناوبنرێت، دیارە یەکێك لەم پێکهاتانەش بریتییە لە زمانی شیعری، هەروەها (( ئەرستۆ پێیوایە زمانی شیعری لە زمانی ئاسایی جیایە و بۆ ئەوە دەچێت کە شاعیر مافی ئەوەی هەیە زمانێکی تایبەت بەکاربهێنێت، کە لە زمانە ئاساییەکەی ناو خەڵك دوور بێت، هەروەها پێیوایە کە زمان لە شیعردا دەبێت مانای روون بێت نابێ پەرپووت بێت)).(ئەحمەد، ٢٠٠٧ : ١٦٧) ،هەروەها دەبینرێت لای ڕۆمانەکانیش (( هۆراس لە بواری زمانی شیعر گرنگی بە (وشە) داوە و ئاگاداری شاعیر دەکاتەوە کە وشەکانی سرو مردوو نەبن. کاتێك ئەرکی شیعر دەربڕین و روون کردنەوەیە، دەبێ وشەکانیشی بەردەوام زیندوو و پڕ واتا و ژیان بن، لەم بوارەوە زمان بە دار دەچوێنێت و وشەکانیشی بە گەڵای دار دەچوێنێ، بە درێژایی ساڵەکان))، (ئیبراهیم، ٢٠١٢: ٢٣) واتە پێویستە شاعیر لە هەڵبژاردن و ڕێزکردنی وشەکانیدا ورد بێت، تا دەقێك بێتە ئاراوە خوێنەر بتوانێت چێژ و سوودی لێوەربگرێت، هەر بە هەمان شێوە

سەبارەت بە زمانی شیعری و گۆڕانکارییەکانی بە پێی قۆناغ و سەردەمەکان دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت کەوا زمان بە پێی کات و سەردەم بەردەوام لە گۆڕان و گەشەکردن و تازەکردنەوەدا دەبێت، ئەو زمانەی کە بۆ نموونە نەوەی پێش ئێمە پێی نووسیووە جیایە لەوەی ئێمە بەکاریدەهێنین، هەروەها زمانی ئێمەش ئەو زمانە نابێت کە نەوەی داهاتوو بەکاریدەهێنن.

### زمانەوانی دەماری:

یەکێک لە زانستە هاوچەرخەکانی تایبەت بە زمان و زمانەوانی بریتییە لە زمانەوانی دەماری،(( زمانەوانی دەماری Neuro linguistics زانستێکە لە پەیوەندی نێوان دەمارەکان و زمان، شلەژاوی زمانی و دەماری دەکۆڵێتەوە، دەتوانین بڵێین پەیوەستە بەو ئەرکەی کە مێشک ئەنجامی دەدات لە فێربوونی زمان و بەکارهێنانیدا، هەروەها لە چۆنیەتی کاریگەری مێشک لە فێربوونی زماندا دەکۆڵێتەوە))،(سەعید، ٢٠١٠، ١١) هەروەها دەگوترێت،((زمانەوانی دەماری لە پەیوەندی نێوان زمان و ئاخاوتن لەگەڵ بنچینە جیاوازەکانی فرمانی مێشک دەکۆڵێتەوە. هەوڵدەدات ئەوە ئاشکرا بکات کەوا چۆن مێشک لە زمان و ئاخاوتن تێدەگات و دەریدەبڕێت)) (Ahlsen، 2006 : ١٦) یان بە دەربڕینێکی تر(پرۆگرامی زمانەوانی دەماری کە بە ئینگلیزی Neuro Linguistic Programmingی پێدەگوترێت و بە کورتی NLP یە، بریتییە لە ڕێڕەوێکی ڕێکخراو بۆ ڕێکخستنی ژیانی تاکەکان، بەهۆی بەکارهێنانی کۆمەڵێک ڕێگە و هۆکاری بە سوود بۆ ئەوەی کاری لەگەڵدا بکرێت و ببێتە هۆی گەیشتن بە کاریگەرییەکی گونجاو لە هەست، هزر، و ئەوانەش ڕەنگبدەنەوە لە ڕەفتاری مرۆڤ لە لایەنی ئەقڵی و دەروونی و جەستەییدا، پرۆگرامی زمانەوانی دەماری بە یەکێک لە مادەکانی ڕاهێنان دادەنرێت کەوا لە چەند تەکنیکێکدا خۆی دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی هاوکاری مرۆڤ بکات پاڵپشت بە تواناکانی بە ئاواتەکانی خۆی بگات))www.mawdoo3.com، سەبارەت بە سەرەتای دەرکەوتنی پرۆگرامەکەش دەگوترێت،(( یەکەم کەس کەوا شێوازی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری دەرخست، ریتشارد باندلەر و جۆن گریندەر بوون لە ساڵی ١٩٧٣ ز. ، وەک کۆمەڵێک نموونە و بنەما بۆ دەرخستنی پەیوەندی لە نێوان ئەقڵ و زمان، ــ جا زمانی نووسراو یان زمانی جەستەیی بێت ــ ، و چۆن پەیوەندی نێوانیان

ڕێکدەخرێت بۆ ئەوەی کار بکاتە سەر مێشکی مرۆڤ و جەستە و بیرکردنەوەی. زۆرجار لە زمانی عەرەبیدا بە (الهندسة النفسية ـ ئەندازیاری دەروونی) ناودەبرێت www.httpnfma3rifa.blogspot.com،(( ئەمڕۆ پرۆگرامی زمانەوانی دەماری خاڵی بە یەکگەیشتنی چەندین هۆکاری پەیوەندی و گۆڕانکارییە، کەوا لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا ڕێگەی بۆ خۆی کردۆتەوە، هۆکار و ستراتیجیەتی ئەم پرۆگرامە لە کارگێری و پەروەردە و تەندروستی و کڕین و فرۆشتن و زۆر لایەنی تردا بەکاردێت. لە پلەی یەکەمدا (پرۆگرامی زمانەوانی دەماری) ژینگەیەکی گونجاو دەدۆزێتەوە بۆ هاوکاریکردنی خەڵک بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان بە خۆیان و ڕزگاربوون لە ترسی نەخۆشییەکان و هەڵچوونە سلبییەکان و نیگەرانی، هەربۆیە پرۆگرامی زمانەوانی دەماری بە ڕاستی سەرچاوەیەکە بۆ پەیوەندی دروست لەگەڵ هەرکەسێک هەرچەندە خاوەنی شێوازێکی توندیش بێت)). (الفقي، ٢٠٠١ : ١٥)

بە شێوەیەکی گشتی بۆ پێناسەکردنی زمانەوانی دەماری دەگوترێت،(( خەڵک بە شێوازی جیاجیا لە پرۆگرامی زمانەوانی دەماری تێدەگەن و بە شێوازی جیاواز سوودی لێوەردەگرن، هەربۆیە پێناسەکردنی بە شێوەی جیاواز دەبێت، هەروەکو بە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەقڵ، یان بە پرۆگرامی خستنەکاری ئەقڵ ناودەبرێت لە لایەن (کارول هارس)ی نووسەری کتێبی (بنەماکانی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری). (ستیف ئەندریاس)ی نووسەری کتێبی (پرۆگرامی زمانەوانی دەماری تەکنەلۆجیای تازەیە بۆ داهێنان) پێیوایە کە پرۆگرامی زمانەوانی دەماری بریتییە لە لێکۆڵینەوەی توانای زیرەکی مرۆڤ، توانای بەکارهێنانی هێز و توانات زۆرتر و زۆرتر، ئەو ڕێگەیەکی بەهێزە بۆ گۆڕینی خود، هەربۆیە تەکنەلۆجیای داهێنانی تازەیە )). (الفقي، ٢٠٠١: ١٧)

## بەشی دووەم: پرۆگرامکردن لە ڕێگەی زمانەوانەوە لە شیعری دڵداردا

زمانەوانی دەماری لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە کار لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان دەکات، ئەم کارلێکردنە بە پرۆگرامکردن ناودەبرێت، پرۆگرامکردن سەرەتایەکی مێژوویی زۆر کۆنی هەیە، تەنانەت دەتوانین یەکێک لە سەرچاوەکانی بۆ ئایینە ئاسمانییەکان بگەڕێنینەوە، بۆ نموونە (( ناردنی پێغەمبەران بۆ نێو ئوممەتەکەیان هەر خۆی لە خۆیدا بۆ مەبەستی چاککردنی عەقڵیەتی خەڵک و ڕزگارکردنیان لە نەفامی و ڕاستکردنەوەی بیری هەڵە و چەوت بووە، ئەمە هەر خۆی لە NLP دا دەبینێتەوە. نموونە و بەڵگە زۆرن لەسەر شێوازی بانگێشتکردنی خەڵکی بۆ لای خودای گەورە و پەکتاپەرستی، کە لە قورئانی پیرۆزدا لە چەندین شوێن و ئایەتدا خودای گەورە بۆمان باس دەکات، کە چۆن پێغەمبەران NLP یان بەکارهێناوە بۆ ڕازیکردنی خەڵک و ڕاکێشانیان بۆ ناو خواپەرستی))، (حەمید، ٢٠١٦: ١٤) هەروەکو خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ: (ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ) (قورئانی پیرۆز، سورەتی النحل، ئایەتی ١٢٥) لە لێکدانەوەی واتای ئەم ئایەتە پیرۆزدا دەگوترێت: ((ئەی پێغەمبەر، ئەی ئیماندار، هەر بە ژیرانە و نەرم و قسەی خۆش و حیکمەت، ئامۆژگاری شیرین و جوان، خەڵك بۆ ڕێگای پەروەردگارت بانگ بکە، سروشتی ئادەمیزاد وایە خۆی بە شت دەزانێ و بە ئاسانی تەسلیم نابێت، جا لەبەرئەوە دەبێ زۆر بە ژیانە بۆی بچیتە پێش، نەوەکو دەعیە و خۆ بە زلزانین زاڵبیت بە سەریا و گوێ نەگرێ بۆت، وە بە چاکتر و باشترین شێوە قسە و گفتوگۆیان لەگەڵ بکە، بەڵگەی جوان و بەهێزیان بۆ بهێنەوە، ... تۆ ئاوا موجادەلەیان لەگەڵ بکە، بە ڕاستی پەروەرگاریشت باشتر بە حاڵی ئەوە دەزانێت کە لە ڕێی ئەو لایداوە و زاناتریشە بە حاڵی ئەو کەسانە ڕێنوێنن و لەسەر ڕێی ڕاستن. (مەحمود، ٢٠٠٩: ٥٦٠) واتە بانگهێشتکردنی خەڵک بۆ یەکتاپەرستی بە جۆرێک لە پرۆگرامکردن دادەنرێت کەوا لە ڕێگەی زمانەوانی دەماری دێتەکایەوە،

دواتر کاریگەری زمانەوانی دەماری بۆ پرۆگرامکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا پێشکەوتنی زیاتری بە خۆیەوە بینی، وەک دەبینین ئەمڕۆ(( پرۆگرامی زمانەوانی دەماری کەوا زۆر بەربڵاوە هاوکاری ملیۆنەها کەسی کردووە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی کامەران و ئاسوودە و سەرکەوتنی خەڵک بەڵگەیە بۆ ڕاستی ئەم بۆچوونە، کە توانیان ژیانێکی هاوسەنگی دوور لە لاسەنگی و هەست و سۆزی سەلبی بەدەستبهێنن))، (الفقي، ٢٠٠١ : ١٦) دەتوانین بڵێین، چونکە زمانەوانی دەماری ڕاستەوخۆ بەندە بە عەقڵی مرۆڤەوە، بۆیە دەتوانێت لە ڕێگەی زمانەوە کار لە مێشکی کەسی بەرامبەر بکات، واتە کەسی دووەم بە بیروڕا و بۆچوونەکانی کەسی یەکەم پرۆگرام دەکرێت.

بە هەمان شێوە، هەروەکو مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەفەرمووێ: (( دڵدار بە تایبەتی لە پەند و مەوعزەی میللیدا دەسێکی درێژی هەیە وە بە گەلێ وتاری بەهادار وە شعری جوان ڕێگەی ژیان و سەرکەوتنی پیشانی لاوانی دوارۆژ داوە))،(حلمي، ١٩٨٨: ١٨) دەتوانین هۆی ئەو بەهرە و توانایەش بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە، کەوا ((شاعیر زۆری دەخوێندەوە، لەو ڕۆشنبیرانە بوو کە خۆیان خۆیانیان فێردەکرد. چونکە لەو سەردەمەدا دامودەزگای ئەدەبی لە وڵاتدا نەبوو، پیشەی پارێزەریش بۆ دڵدار هۆیێکی گەورە بووە کە بچێتە ناو بنج و بناوانی ژیانی هەژارانەوە. بێگومان شۆڕشی فەڕەنسە و ئۆکتۆبەر کارێکی گەورەیان کردبووە سەری. ئەمە بە گشتی لە کارە ئەدەبییەکانیدا دیارن، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ بۆ خوێندەواری و ئامۆژگاری کردنی لاوان لە ڕێگەیێکی شۆڕشگێڕییەوە ڕوون و ئاشکران لە بەرهەمەکانیدا))،(خەزنەدار، ١٩٨٤: ٦٠) ئەمە خاڵی سەرەکی ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەمان پێکدەهێنێت، کەوا دەتوانین بەچەند خاڵێک ڕێزبەندیان بکەین:

## گەشبینی وەک بنەمایەک بۆ سەرکەوتن:

گەشبینی مەرجێکە لە مەرجەکانی گەیشتن بە سەرکەوتن، تا ئەو ڕادەیەی دەگوترێت، گەشبینی و ڕەشبینی ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، دوو زاراوەی دژیەکن، یەکێکیان خاوەنەکەی دەگەیەنێتە سەرکەوتن، ئەوەی تریان خاوەنەکەی دەخاتە قوڵایی ژێرکەوتن، گەشبینی، بریتییە لە تێڕوانین بۆ داهاتوو، وا دەکات مرۆڤ چاوەڕێی باشتر بکات، چاوەڕێی خێر و خۆشی و سەرکەوتن بکات و هەموو شتێکی دوور لەمانە لە خۆی دووربخاتەوە، بەڵام ڕەشبینی، بریتییە لە لێکدانەوەی نەرێنی بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو، وا دەکات هەردەم مرۆڤ چاوەڕێی خراپە بکات، هەردەم چاوەڕێی دۆڕان و بێئومێدییە، هەموو شتێکی تر جگە لەمانە بۆ ماوەیەکی دوور لە خۆی دووردەخاتەوە، گەشبین کەسێکە پێیوایە دوور نییە بەیانی باشتر بێت، بەڵام ڕەشبین کەسێکە هەرگیز چاوەڕێی باش ناکات، ئەو شاعیرە ڕۆشنبیرەی کوردیش، لە چەند دەقێکی شیعریدا، بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ ئامۆژگاری تاکەکانی کۆمەڵ دەکات، هەوڵی ئەوە دەدات لە ژیانیاندا گەشبین بن، بەڵکو سەرکەوتن بەدەستدەهێنن، ئەوەتا لە سرووده بەناوبانگەکەیدا (ئەی ڕەقیب) ئەوپەڕی گەشبینی و ئومێد دەردەخات و دەڵێ:

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان
نای ڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان
(علاءالدين، ١٩٨٥ : ١٧٤)

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp95-104

((بە پێی کۆنتێکستی شیعرەکە ئەم ڕستەیە کردەی بە سووک سەیرکردنی ڕەقیب لە نەهێشتن و شکانی قەومی کورد زوبان جێبەجێ دەکا. دەشێ بڵێین کردەی ئامۆژگاریکردن و ئاگادارکردنەوەی ڕەقیبە، کە ئیتر هەوڵ نەدا و خۆی ماندوونەکا، چونکە تۆپی زەمان ناتوانێ بیشکێنێ)). (تۆفیق و محێدین، ٢٠١٤: ١٢٩) هەروەها (( وەک لە گیانی بیری زیندووی ئەم بەیتەیدا دەردەکەوێت کە ناوی ناوە (شیعارم لە ژیان ئەمەیە) هیوایەکی ویستوە کە بە ڕێگای ڕەنج و تەقەڵادا بێتەدی و ئەگەر مرۆڤ هەر لە خەیاڵاتدا بژی ئەوا ئەوی هەیەتی و دەستیشی کەوتوە سەری تیا دەچێت و ڕەنجەڕۆش دەبێت)) (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ١٠٧)

بەڵێ خۆشە ئەمەل گەر بێ لەسەر ئەم ڕێگەیە رەنج دەی
بەڵام گەر هەر خەیاڵات بێ ئەوەی هەتبێ ئەویش ئەڕوا

(علاءالدین، ١٩٨٥: ٢١٠)

سەرەڕای گشت ئەو نەهامەتییانەی دێنە سەر ڕێگەی مرۆڤ، بەڵام ژیان بە هیوا و ئومێدەوە و جوانە، بەهەمانشێوە ـ دڵدار ـ لەم دێرە شیعرەی سەرەوەدا بە پێویستی دەزانێت کە پێویستە تاکی کورد هەوڵبدات بۆ ئەوەی بگات بە هیواکانی، بەڵام پێویستە ئەو هیوا و ئاواتە شتێک بێت کەوا لە ڕاستییەوە نزیک بێت و هیوایەکی خەیاڵی و دوور لە واقیع نەبێت. ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی زمانەوانی دەماریدا یەکدەگرێتەوە، کە پێیوایە ((هەرکات گەشبین بیت بەهەر شتێک ئەوەت دەستگیر دەبێت، ئەمەش لە یاساکانی چالاکی ئەقڵی ناوەکییە، دەڵێت، بیر لە هەر شتێک بکەیتەوە تەشەنە دەکات و فراوانی بەوجۆرە وەردەگرێت، گەر بیر لە گەشبینی بکەیتەوە خۆی بەرەو لای تۆ کێش دەکات بەو جۆرەی تۆ بیرت لێکردۆتەوە، بۆیە بیر لە چاکە بکەنەوە با دەسگیرتان بێت)). (تەنیا ، ٢٠١٦ : ٤١)
هەروەها لە دەقی شیعری ـ ئەی لاو ـ دا دەڵێ :

ئەرێ ئەی لاو لە هیچ وەختێ نەکەی مەیئوسی ژینت بێ
دەبێ هەردەم عەزم دار و دەوای دەرد و برینت بێ

(علاءالدین، ١٩٨٥ : ١٧٥)

هەرچی لە بارەی ئەو دێرە شیعرەوە بڵێین لەو لێکدانەوەیەکی شاعیر و ڕەخنەگر (کاکەی فەللاح) جوانتر نابێت، کە سەبارەت بەو دەقە شیعرە دەڵێ: (( ... لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، بیروباوەڕەکەی بەرز و جوانە، هانی لاوەکان دەدات کە هەرگیز لە ژیاندا نائومێد و بێ هیوا نەبن و بە ورەوە شوێن دەرمانی دەرد و زامەکاندا بگەڕێن، لە مەیدانی پێشکەوتندا هەمیشە خەریکی ڕەنج و تەقەڵا بن و پشت بە بیر و زانستیی ببەستن. وەک هونەرمەندێک لە مەیدانی کێشە و نەبەردیدا کۆشش بکەن و بەهۆی ژیریی و هونەرەوە ڕووناکی بە دەست بهێنن و لە ڕێگای پێشکەوتن و بەرزبوونەوەدا دووربین و وریا بن، کەڵک و بەرژەوەندیی گشتیی گەل ئامانجی ژیانیان بێت ... هتد ئەمجۆرە بیر و بیرکردنەوە و ئامۆژگاریانە هەموویان بە کەڵکن و باشن، بە تایبەتی لەو سەردەمەدا کە بۆ سەردەمی سییەکان و بۆ شاعیرێکی لاوی وەک (دڵدار) دەگەڕێتەوە مایەی سەربەرزیی و دڵسۆزی و هەستی قوڵی ئەرک پێ زانینە)،( کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ١٠٣) کەواتە ئەم شیعرانە لە ڕووی زمانی شیعرییەوە سادە و ساکارن، بەڵام دوورنییە هۆکاری ئەو سادەییە ئەوەبێت، کەوا پێویستە شاعیر بە زمانێك بنووسێت کەوا جێگەی تێگەیشتن و چێژبەخشین بێت بۆ خوێنەری دەق، واتە پێویستە ئەو وشانەی دەیانزانێت و دەیەوێت لە بنیاتی دەقێکی شیعریدا بەکاریانبهێنێت، لە قاڵبی وەهادا دابڕێژرێت کە گونجاو بێت لەگەڵ دەلالەت و دەربڕین و مەبەست، تاکو کارێکی هونەری داهێنەر و دوور لە ئاڵۆزی و نارێکی بەدەستبهێنێت، چونکە هەموو شاعیرێك خاوەنی فەرهەنگێکی وشەیی و دەربڕینی تایبەت بە خۆیەتی، کەوا هەردەم لە زیهنیدا دەخولێتەوە و زاراوەکانی دووبارە دەبنەوە کەوا زۆرجار بەهۆیەوە لە شاعیری تری جیادەکەینەوە، ئەو دەربڕین و گوزارشتانە زمانێکی تایبەت بە شیعری ئەو شاعیرە دەبەخشن، کە بەهۆیەوە جیادەکرێنەوە، بەڵام ئەو بانگەوازەی لەو دەقەدا دەبینرێت ئامۆژگارییە و ئاڕاستەی تێکڕای کۆمەڵگا کراوە، دڵدار پێیوابووە پێویستە بە زمانێک بنووسرێت کە نزیک بێت لە تێگەیشتنی زۆرینەی خەڵک، بۆیە بەو زمانە دەقەکەی داڕشتووە کە تێکڕای گەل تێبیگەن.
بە لای مامۆستا و ڕەخنەگری گەورە (مارف خەزنەدار) ەوە ((شیعری (ئەرێ ئەی لاو) نموونەی ئامۆژگاری و پەندە بۆ لاوان، ئەوانەی بە لای دڵدارەوە دەبێ ڕۆشنبیر و نیشتمان پەروەربن و چاکەی کۆمەڵ لە سەرووی چاکەی خۆیانەوە بگرن))،(خەزنەدار، ١٩٨٤: ٦٤) وەک لەمەوپێش شیکرایەوە، هەموو ئەوانەش بە جۆرێک لە جۆرەکانی پڕۆگرامکردنی تاك دادەنرێت لە ڕێگەی زمانەوە.
هەر لەم شێوەیە و لە دەقی (لاوی کوردان) دا دەڵێ :

ئەسلحەی هەر میللەتێ سا دەست و بازووی گەنجیەتی
ڕۆژی شوعلە بەخشی ئومێد فکر و کاری گەنجیەتی
مەرهەمی زام و برینی کردەوە و هەم ڕەنجیەتی
لاوی ئێمەش هەر لە دەورەی مەی ئەکەن غیرەت کەشی

(علاءالدین، ١٩٨٥ : ٢٠٣)

لێرەشدا دووبارە ڕووی قسەی لە تاکی کوردە، پێیوایە هێز و بازووی گەنج و لاوان، چەک و پشتیوانی میللەتە، ڕەفتار و کردەوەی لاوانیش دەرمانی دەردەکانن، هەروەکو دەگوترێت: (( نهێنی تەواوی سەرکەوتن خۆی لە داماڵینی نەریتە خراپەکان و گۆڕینیان بە نەریتی باش، کۆبۆتەوە. ئەمە ڕاستییەکە کە زۆری خەڵک نایزانن، دەبینیت دەیانەوێت تەنیا لە ڕێی هێزی ئیرادەوە واز لە نەریتە خراپەکانیان بێنن، بۆ نموونە، دەڵێن، بەڵێن بە خۆم دەدەم جارێکی دیکە ئەو کارە نەکەم، جارێکی دیکە وا ناکەم، بەڵام بێگومان دووبارەی دەکەنەوە))،(شێخانی، ٢٠٠٩ : ١٨٥) دڵداریش لە هەوڵی ئەوەدایە کورد بەرەو نەریتی جوان ببات، تا لەم ڕێگەیەوە سەرکەوتن بۆ خۆیان و بۆ وڵاتیش بەدەستبهێنن، ئەم هەوڵدانەشی لەوە دێت کەوا تووشی ڕەشبینی بووە کاتێك لاوانی کورد لەو حاڵێکدا دەبینێت کەوا هەر لە دەوری (مەی) دا دێن و دەچن، هەروەکو لە دوا نیوەدێڕی کۆپلەکەی سەرەوەدا ئاماژەی پێدەکات.
دەتوانین بڵێین (( ئەمجۆرە شیعرە لای دڵدار لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بریتییە لە هاندانی لاوان بۆ خەبات و کۆڵنەدان و بە بێوچان کۆششکردن بۆ پڕکردنەوەی ئەو دواکەوتوویەی کە نەتەوەی کورد گرفتاری بووە، بۆ ئەمە هێرش دەباتە سەر کاری خەراپی لاوان بە تایبەتی سەرخۆشی و مەی نۆشی کە بەکردەوەیێکی ناپەسەندی دادەنێ)). (خەزنەدار، ١٩٨٤: ٦٤) (( ئەمجۆرە تێبینی و بیرکردنەوە فەلسەفییانە ئەوە دەگەیەنن، کە شاعیرمان، لە ڕووی دڵسۆزی و خەمخۆری نەتەوە و چینی چەوساوەکانەوە وەک باوەشی بە دەردەکاندا کردوە لەو قۆناخەدا، بە دوای دەرمان و چارەکردنیشدا گەڕاوە و وێڵ بووە. دەمێک هۆی دواکەوتنی کوردەکەی هەر بە کوردەکە خۆی زانیوە و داوەتە قەڵەم، هەر کە وردە وردە بەرچاوی ڕۆشنبیرانەی ڕوونتر بوەتەوە و سەرنجی جیاوازیی ژیانی چینەکانی نەتەوەی داوە و کەوتۆتە بەراوردی ئەو ژیانەوە، هۆی چەوسانەوەکەی بردۆتەوە سەر بناوانی قەزا و قەدەری خوایی)). (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ١٠٧)

لە دەقێکی تریدا دیسان نموونەی ئەو هیوا و ئومێدە دەبینین کە ئەویش (منداڵی هیوا)یە، مامۆستا کەریم شارەزا لە بارەی ئەم دەقەوە دەڵێ: (( منداڵی هیوا نموونەیەکی سەرکەوتووە لە هۆنراوە ڕۆمانسییەکانی دڵداری شاعیری هونەرمەندمان، زادەی سۆزێکی پڕ جۆشی کوردایەتییە و بەرهەمی ئەندێشەیێکی قووڵی لاوێکی خوێن گەرمی شەیدای خاکی کوردستانی دڵڕفێن و خۆشەویستی نەتەوەی کوردە، لەو جۆرە هۆنراوە ڕۆمانسییانەیە کە دوارۆژێکی گەش و ڕووناک بۆ نەتەوەکەی دەست نیشان دەکات. بە پێچەوانەی ئەو جۆرە شیعرە ڕۆمانسییانەی کە نائومێدی و ڕەشبینی بۆ پاشەڕۆژی کۆمەڵگای ئادەمیزاد چاوەڕوان دەکا)). (شارەزا، ١٩٨٤ : ١٩)

ئومێدی دوا ڕۆژ ڕۆڵەی هیوا تۆی
خاوەنی فیکری بیکر و باڵا تۆی
هیوام بە تۆیە ئەی تازە مناڵ
بەیانی ببیە نموونەی میسال
ئەم قسانەی من کەوا بۆت ئەکەم
بزرینگێتەوە لە گوێتا هەردەم
ڕاست گۆ بە دایم قەت درۆ نەکەی
وەختت بە بێ سوود تۆ لە دەس نەدەی
تێکۆشە دایم هەروەکو هەنگ بە
لە مەیدانی ژین ئامادەی جەنگ بە

(علاءالدین، ١٩٨٥: ٢١٦)

ئەوەی لەم بەشەی شیعرەکەدا دەبینرێت، هەرچەندە (( لە ڕووی زمان و بە تایبەتی لایەنی شێوە هونەرییەکەی هەتا بڵێی کز و لاوازە و جێی ڕەخنە لێگرتنە ... ئەمەش وا دیارە هۆی ئەوەیە کە شاعیر وەک ڕۆشنبیرێکی لاوی تازە شاعیری ئەو سەردەمە تەنها مەبەستی، تێگەیشتن و چاوکردنەوەی خەڵکە نەخوێندەوارە دواکەوتووەکەیەو پەیامی پیرۆزی شیعری تەنها بەوە زانیوەکە خەڵکەکە هەموویان تێی بگەن، بۆیە لە ڕادەی تێگەیشتنی ئەواندا و بەو سادەیی و ساکارییە بیرەکانی خۆی لە قاڵبی هۆنراوەی وا ڕاستەوخۆ و ئاساندا هۆنیوەتەوە))،(کاکەی فەللاح ، ١٩٧٨ : ١٠٥) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین ئامۆژگارییەکی ئاشکرایە لە دڵداری شاعیرەوە بۆ منداڵانی کورد، دەکرێت بە نموونەیەک بۆ پرۆگرامکردنی تاک دابنرێت کەوا شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانێکی زمانی تایبەت بنیاتی ناوە.

لەم شیعرەی خوارەوەدا دەبینین لەوپەڕی نائومێدی و ڕەشبینیدا ڕوو دەکاتە خودای تاکوتەنها و ئەو زاتە بە هۆکاری ئومێد و گەشبینی دەزانێت و دەڵێ :

ئەمن تەنها و بێ پەروا بە لای دەوران هەزاران لەك
لە ئەم ئاشووبەدا ماوم بە بێ ڕێگا و بێ مەسلەك
نەجاتم دەی لە ئەم حاڵە بە لوتفی خۆت خودایی یەك
لە دەشتی نا ئومێدی دا بە دەم بادی قەدەر هەروەك
پەلاشێ وام کە هەر ساتەی لە گۆشە یا کنارێکم

(علاءالدین ، ١٩٨٥ : ٢١٤)

ئەوانەی گەشبینن لە ژیاندا پێیانوایە،(( ئارامگرتن کلیلی هەموو مەسەلەکانە، کاتێ مەسەلەیەکی نەخوازراوت بۆ پێشدێ و ئارام دەگری و جارێکی تر تۆپەکە دێنیتەوە، ئەوا لێی فێر دەبیت تاکو تیایدا دەگەیتە سەرکەوتن. لێرەدا توانا و کۆششت لەسەر شکست سەرف کردووە و ئارامت گرتووە تاکو سەرکەوتنت بەدەستهێناوە، لەو کاتەدا پێویستت بە سوپاسکردنی خوای گەورە هەیە))، (حەسەن، ٢٠١٣ : ٣٦) هەمان بۆچوون لەو شیعرەی سەرەوەدا دەبینرێت، شاعیر لە ڕێگەی باسکردن لە بێئومێد بوونی خۆی، دەیەوێ تاکی کورد بە شێوەیەك پرۆگرام بکرێن، کە لە کاتی بێئومێدیدا پشت بە خودای تاکوتەنها ببەستن، هەر ئەو بە پشت و پەنا بزانن بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانیان.

هەروەها لە دەقی شیعری (خەندەکەی بابی) دا داوا دەکات کەمێک خەم و ئازارەکانمان بەلاوە بنێین، چونکە بە لایەوە ژیان شتێکی کاتییە و ئەوەندە ناهێنێت کەوا لە ڕەشبینی و نائومێدیدا بەسەریببەین :

هەمووی نووری ژیانە فەیز و نووری ئاسمانی شین
هەموو چەپڵەی گوشادی لێ ئەدەن هەرچی کە ئەی دینی
لە سەر ئەم خاکە گەردێکین دە ئێمەش ڕوو لە شادی بین
فەرامۆشی بکەین جاری چەژی تاڵاوی غەمگینی

(علاءالدین، ١٩٨٥ : ١٩٧)

وەك دیارە ئاسمانی شین بە ڕووناکییەك بۆ ژیان دەبینێت، بۆیە داوا لە تاکی کورد دەکات کە دڵخۆش بێت و بە چەپڵەی شادی ئەو خۆشییە دەربڕن، چونکە ئێمە لە سەر ئەو زەوییە وەکو گەردێکی بچووکین و دێین و دەڕۆین، بۆیە پێویست ناکات دڵتەنگ و نائومێد بین لە ژیندا، بەڵکو دەبێ بە ئومێدەوە ژیان بە سەر ببەین.

## بڕیاردانی دروست بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن :

سەرکەوتن لە بنەڕەتدا بریتییە لە گەیشتن بە پلە و پایەیەک کە خود وەک ئامانجێک هەوڵی بۆ دەدات، بێگومان دەبێ سەرکەوتن یەکێک بێت لەو بابەتە سەرەکییانەی کە پرۆگرامی زمانەوانی دەماری چارەسەری دەکات، چونکە ئامانجی ئەو زانستە بریتییە لە گەیشتنی مرۆڤ بە پلە باڵاکان، دیارە چەمکی سەرکەوتن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، چونکە بە لای هەندێکەوە سەرکەوتن بریتییە لە بەدەستهێنانی سامانێکی زۆر، لای هەندێکی تر سەرکەوتن بریتییە لە دەستکەوتنی کارێکی باش، لای یەکێکی تر بریتی دەبێت لە گەیشتن بە زانستێکی دیاریکراو، هەرچەندە چەمک و واتای سەرکەوتن لای هەریەکە لە تاکەکانی کۆمەڵگا بە جۆرێکە کە جیاوازە لای یەکێکی تر، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی: (( لە مێژە نهێنییەکانی هەنگاو بەرەو سەرکەوتن، خەیاڵی مرۆڤی پێوە سەرقاڵ بووە، سەرەتای ئەمە هەنگاوەکانی لە ژیانەوەی ئومێد و گەڕان بە دوای تروسکایی سەرکەوتنەوە دەست پێدەکات. لە ڕابردوو مرۆڤەکان ئیلهامی نەخشەڕێگای سەرکەوتنیان لە چیرۆک و وتەی حەکیمان و ئەزموونی ژیان وەردەگرت، بەڵام ئەمڕۆ هەم ڕەهەند و هەم دەرهاویشتەکانی چەمکی سەرکەوتن فراوان بووە و هەم نەخشەڕێگای سەرکەوتن، هەم مەودا و پێداویستییەکانی سەرکەوتن))،(عەبدولقادر، ٢٠١٥ : ٨) دەتوانین بڵێین چەند بنەمایەک هەیە کە بەشداری دەکات بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن، بۆ نموونە کەسێک بیەوێت سەرکەوتن لە کارێکدا بەدەستبهێنێت دەبێ لە بڕیارداندا چوست و چالاک بێت، ((بێگومان بڕیاردانیش پێویستی بەهێزێکی زۆر گەورە هەیە، ئەو هێزەش بریتییە لە بڕوا بەخۆبوون کە یەکێکە لەو هاندەرانەی مرۆڤ بەرەو بڕیاردان پاڵ دەنێت، ئینجا ئەم هێزی بڕوا بەخۆبوونەیە مرۆڤ دەگەیەنێتە لووتکەی سەرکەوتن، بۆیە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان کەسە سەرکەوتووەکان و کەسە شکستخواردووەکان تەنها لەو هێزەدایە، چونکە تۆ ئەگەر سیقە و متمانەت بە خۆت نەبێت ناتوانی هیچ کارێک بکەی و هەردەم قەلەق و ڕاڕای، دەستت هیچ ئیشێک ناگرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر بڕوات بەخۆت هەبوو، دەتوانی گۆڕانکاری لە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp95-104

ژیانی خۆتدا دروست بکەیت و لە ژیاندا بگەی بە ئامانج))،(حەمید، ٢٠١٦ : ٨٣) چونکە ئەگەر تۆ بڕیارێکی گونجاو لە کاتێکی گونجاودا نەدەیت دوورنییە کەسێکی تر لە شوێنی تۆ ئەو بڕیارە بدات، بە شێوەیەکی ڕوونتر،(( لە زانستی پرۆگرامی زمانەوانی دەماریدا گریمانەیەکی زۆر گرنگ هەیە دەڵێ، ئەگەر کەسێکی دیاریکراو نەیتوانی شتێکی دیاریکراو بەدەستبهێنێت، ئەوا کەسێکی تر دەتوانێت بە دەستی بهێنێت، کاتێک دەزانێت چۆن بە دەستی بهێنێت، بۆ ئەمەش کۆمەڵێک ڕێسا هەیە کە کاریگەر دەبن بە سەریدا، یەکەم ئەوەیە کە ئەو کەسە ئارەزووی هەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارە، واتە لە ناختدا ئارەزوویەکی بەهێز هەبێت بۆ ئەوەی ببیت بە سەرکردە، دوای ئەوە لە خۆت بپرسیت، (چۆن بتوانم ببمە سەرکردە؟) کتێب بخوێنیتەوە لەسەر خاسیەت و مەرجەکانی سەرکردە، لاسایی سەرکردەکان بکەیتەوە و لەگەڵیان بژیت و لێیانەوە فێربیت)). (الفقي، ٢٠٠٨: ٩)

هەموو کەسێک دەتوانێت بگات بە ئامانجێکی دیاریکراو ئەگەر هەوڵی بۆ بدات، هەربۆیە (د. ئیبراهیم فەقی) لەمبارەیەوە دەڵێ: ((تاکەی هەر زەقەی چاومان بێت و جووڵەیەکی بۆ نەکەین، خەونەکان لە بەردەمماندان کەسێک خاوەنی ئۆتۆمبیلێکە، کەسێکیتر خاوەنی کۆشکێک، کەسێکیتر کارێکی چاکی هەیە، منیش ئەتوانم هەمان جۆر بم، بەڵام بەو مەرجەی هەوڵی بۆ بخەمە گەڕ، تەنها جیاوازییەک لەو نێوەندەدا جووڵەیە، کەسانێک لە بزاڤدان و کەسانێکی دیکە هیچ بزافێکیان نییە، کەسێک دەوڵەمەند و خاوەنی کۆشک و تەلارە، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە، بەڵام هیچ دڵخۆش نییە بەو ژیانەی، چونکە نازانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکات، ئەوە کەسێکی زۆر لاوازە )). (تەنیا، ٢٠١٦: ٣٤) ئەم بۆچوونە بە ڕوونی لە چەند دەقە شیعرێکی دڵداردا دەبینرێت، هەروەکو لە بەشێکی تری هەمان دەقی شیعری پێشوودا (منداڵی هیوا) دا دەڵێ:

ڕۆژێ کە هاتو تۆ پێ گەیشتی
چاوت کردەوە لە ژین گەیشتی
ئەبینی ژیان کێوێکی بەرزە
ڕێگەی خوار و خێچ بە ترس و لەرزە
گشت کەند و کۆسپ، دەوەنە، دارە
پڕ لە دڕندە و دووپشك و مارە
(علاءالدین ، ١٩٨٥ : ٢١٧)

هاندانێکی بەهێز بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن لەم چەند دێڕە شیعرەدا بەرچاو دەکەوێت، شاعیر ڕووی کردۆتە منداڵێک وەک نموونە بۆ هەموو منداڵانی کورد و پێی ڕادەگەیەنێت کەوا ژیان ڕێگایەکی سەختە و پێویستی بە بڕوابەخۆبوون و هەوڵ و تێکۆشان هەیە بۆ ئەوەی بە هیوا و ئاواتەکان بگەین.

دەتوانین بڵێین: (( هەرچەندە هۆنراوەکەی دڵدار هەندێ سیما و ئەدگاری شیعری ڕیالیزمیشی بە سەرەوەیە، بەڵام وەک سەرنج دەدەین بە ئەندێشەیەکی قووڵ و بە سۆزی پڕ جۆششی هەستی نەتەوایەتیە، (منداڵی هیوا)ی دواڕۆژی کوردستان وەک نموونەیەکی تایبەتی پەروەردە دەکات نەک وەک منداڵێکی ئاسایی کورد. واتا بە ئەندێشەی خۆی ئەدگار و خووڕەوشتی ئەو منداڵە نموونەییە دەردەبڕێ، تاکو ببێت بە پیاوی دواڕۆژی کورد و دەوری خۆی لە مەیدانی ژیان و خەباتی نەتەوەکەیدا ببینێ و خاکە پیرۆزەکەی لە چنگ دوژمنان بپارێزێ. چونکە وا دیارە نموونەی پیاوەکانی سەردەمی خۆی نائومێد و وەڕەس بووە تاکو بەو کارە شەرەفمەندییە هەستن و دەیەوێ نەوەیەکی نوێ بێنێتە بەرهەم تا ئەرکی تێکۆشان و پێشخستنی ژیانی دواڕۆژی نەتەوەکەی خۆی پێ بسپێرێ))، (شارەزا، ١٩٨٤ : ٢٠) ئەوەتا دەڵێ :

لە ڕێی سەرکەوتن ئەبێ پێش کەوی
هەتا بکەوی زیاتر سەرکەوی
(علاءالدین، ١٩٨٥ : ٢١٦)

دیارە شاعیر دەیەوێ تاکی کورد هانبدات بەرەو سەرکەوتن، لە نیوە دێڕی دووەمی ئەو دێڕە شیعرەی سەرەوەدا هەمان ئەو بۆچوونە دەبینرێت کە لەو پەندە کوردییەدا هەیە کە دەڵێ: (سوار تا نەکەوێ نابێ بە سوار)، شاعیریش ڕووی لە کۆمەڵگاکەی خۆی کردووە و پێیان دەڵێ تا بکەون زیاتر لە سەرکەوتن نزیك دەبنەوە.

لە دوا دێری ئەو دەقەشدا ئەوپەڕی ئومێد و گەشبینی بەرچاو دەکەوێت :

تاکو دەرکەوێ لە هەموو دنیا
چەندیان کرد بمرێ کەچی کورد هەر ما
(علاءالدین، ١٩٨٥ : ٢١٦)

لەم دێرە شیعرەدا بە ئومێدەوە باس لەوە دەکات کەوا کورد بە ئاسانی لە ناوناچێت، هەرچەندە ناحەزانی زۆریان هەوڵدا لە ناویببەن، لێرەدا بۆنی ئەو دێرەی (ئەی ڕەقیب) ەکەی خۆی پێوە دیارە، کە دەڵێ: (کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە).

لە کۆپلە شیعرێکی تریشدا هەمان بۆچوون دەبینرێت :

ڕێگەی ژیان وەك سەفین
هەوراز و سەخت و بەفرین
ناوخۆش و بارگران ژین
هەڵسە لە خەو با نەمرین
(علاءالدین، ١٩٨٥ : ١٨٩)

ئەگەر لە دەقی شیعری (ئەی لاو) وردبینەوە، دەبینین (( ئەم هۆنراوانە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە نوێن و سەر بە دنیای ڕیالیزمین و لە دەرد و دوەکانی کۆمەڵایەتی کورد دەدوێن، بەڵام لە ڕووی شێوەی هونەرییەوە، لە ڕووی زمانەوە، هیچ سەر نەکەوتوون، بگرە ڕەخنەیەکی زۆریش هەڵدەگرن و کەل و قوژبنێکی زۆریان تیایە کە سەرنجی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوە بۆ خۆیان ڕادەکێشن، سەرتا بە خواری ئەم هۆنراوەیە بابەتی ڕاستەوخۆی خطابی هەیە و ڕووبەڕوو، بە بێ پێچ و پەنا، بانگی لاوەکان دەکات و داوای وریابوونەوەیان لێ دەکات. ئەم چەشنە هۆنراوەیە هیچ چەشنە هونەرێکی شیعریی نەگرتۆتە خۆی و وەک وتارێکی کۆمەڵایەتیی زەق و ئاشکرا وایە لە بەرگی هۆنراوەیەکی وشک و بێ گیاندا))،(کاکەی فەلاح، ١٩٧٨: ١٠٤) بەڵام سەرەڕای ئەوەش بیروڕای جوانیشی تێدا دەدۆزینەوە، کاتێك پێیان دەڵێ کەوا ژیان وەك چیای سەفین بەرز و سەختە، ژیان ناخۆشی و بارگرانییە، بەڵام دەبێ ئێمە بەردەوام بین لە سەرکەوتن، ئەگەر لە شوێنی خۆمان وەك خەوتوو وابین ئەوا لە مردن نزیکتر دەبینەوە نەك لە سەرکەوتن.

لە دێرە شیعرێکدا دەڵێ :

لە وەختی گەنجی گەنجیدا دەبێ ڕەنجێکی گەنجین دەی
نەوەك وەخت بڕەنجێنی لە نێو جێگا و نوێنت بێ
(علاءالدین، ١٩٨٥: ١٧٥)

هەرکاتێک تۆ لە کاتێکی گونجاودا توانیت بڕیار لەسەر ئەنجامدانی کارێک بدەیت ئەوا پلەیەکی لە سەرکەوتن نزیک دەبیتەوە، هەروەکو (د. ئیبراهیم فەقی) کە بە ڕابەر و

دامەزرێنەری پرۆگرامی زمانەوانی دەماری دادەنرێت، لەمبارەیەوە دەڵێ:(( هەر کە مرۆڤ پەی بەوە برد شتێکی نائاسایی هەیە دەبێت بیگۆڕێت چیتر ئازارەکانی دەگۆڕێت بۆ هێز و تواناکان، وەک ئەوەی کەسێک دەڵێت، من لەمرۆ بە دواوە ناتوانم بەوجۆرە بژیم، هەر دەبێت بیگۆڕم، بۆیە بڕیار ئەدات بەرەو باشتر بچێت، گەر کەسێک هەبێت بتوانێت هەر شتێک بکات، ئەی من بۆ نەتوانم بیکەم، بەمجۆرە بە دەم ئازارەوە ئەتلێتەوە، ئەم ئازارەش لە ناخیدا دەتەقێتەوە و دەردەچێت، وەک ئەوەی برێکی ئۆتۆمبیلەکە ڕاکێشیت و ئەنجا پێ بنێت بە پێ گازدا بە توندی، ئەنجا لە پڕ دایدەیتەوە دەبینیت ئۆتۆمبیلەکە باز ئەدات بەرەو پێش و ئەداتەوە بە زەویدا ...))،(تەنیا، ٢٠١٦: ٢٩) هەرچەندە ((هەمووومان بە خەونی سەرکەوتن ژیان بەڕێدەکەین، ئەو سەرکەوتنەی کەم کەس هەیە لە ئێمە خاوەن نەخشە و پلانی بێ بۆی و لەسەر ئەو پلانە بەرەو پەیژەی سەرکەوتن هەنگاو بهاوێ))،(عەبدولقادر، ٢٠١٤: ٩) بەڵام دڵداری شاعیر هانمان دەدات کەوا کات بە فیڕۆ نەدەین و تا گەنجین هەوڵبدەین بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەستبهێنین.

هەر لەمشێوەیەدا، (( لە شیعری (ئەی کورد) دا هەر ئەو بیروباوەڕانەی دوا ساڵانی سەدەی نۆزدەمە کە لە کۆمەڵێکی دواکەوتووی دەرەبەگی دا دەخولێ، ئەم بیروباوەڕە پێشکەوتووانە پیشاندانی ئەو واقیعە ناڵەبارەی کۆمەڵە دوواکەوتووەکەیە، ئیتر شاعیران ڕۆڵەکانی میللەتیان هانداوە کە کارێک بکەن نەتەوە لە دواکەوتوویی ڕزگار بکەن))،(خەزنەدار، ١٩٨٤: ٦٤) هەروەکو دەڵێ:

ئەرێ ئەی کورد لە نێو گەلدا هەتا کەی مات و داماوی؟
کە عالەم سەربەخۆن گشتی ئەتۆش پەیوەندی نێو داوی
دەسا بیرێ لە حاڵی خۆت بکە و هەستێ لە زیللەت کە
بەڵێ دوێنێکە ڕاوکەر بووی و ئێستاکە بە خۆت ڕاوی

(علاءالدین، ١٩٨٥ : ١٩١)

لێرەدا ڕووی کردۆتە تاکی کورد و ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگرێت کەوا لە گەلان دواکەوتوون و بیر لە خۆیان ناکەنەوە، ئەوەتا زۆر لە گەلانی تر سەربەخۆییان بە دەستهێنا، بەڵام گەلی کورد لەم کاروانە بەجێماوە، بۆیە ڕووی قسەیان تێدەکات و داوایان لێدەکات هەست بە شەرمەزاری بکەن و بیرێك لە حاڵی خۆیان بکەنەوە، کەوا لەمەوپێش چۆن لە بەرزی و دەسەڵات بوون و ئێمڕۆش بوون بە نێچیر بۆ ئەوانی تر. هۆکاری ئەو گلەیی و سەرزەنشتکردنەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا بە پێی بنەماکانی زمانەوانی دەماری،(( ناتوانیت جیهانی دەرەوە بگۆڕیت تاکو جیهانە ناوەکییەکەی خۆت نەگۆڕێت، لە مەبەستەوە بۆ ئەندێشە بۆ نیاز، لە بڕوای خودیەوە بۆ وێنەی خودی لەویشەوە بۆ ئامانجەکان)). (تەنیا ، ٢٠١٦ : ٦٩ ،٧٠)

دەتوانین نموونەی ئەو بۆچوونەی سەرەوە لە قورئانی پیرۆزیشدا بدۆزینەوە، هەروەکو خودای پەروەدەگار دەفەرموویێت: { إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ }(سورەتی الرعد، ئایەتی ١١) واتە، ((بێگومان خوا بارودۆخی هیچ قەوم و گەلێک ناگۆڕێت ـ لە خۆشیەوە بۆ ناخۆشی یان لە زەلیلیەوە بۆ سەربەرزی، یان لە گرانیەوە بۆ هەرزانی ـ هەتا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن، ...))،(محەمەد ئەمین، ٢٠٠٤ :٢٥٠) ئەمەش خاڵێکی ترە لە خاڵەکانی پرۆگرامکردن لە ڕێگەی زمانەوانی دەمارییەوە کەوا لە شیعری دڵداردا دەبینرێت.

بەڵێ دائیم هونەرمەند بە لە مەیدانی نەبەردیدا
بەهۆی عەقل و هونەرمەندیت دەبێ تیشکی زەمینت بێ
لە نێو گەلدا ئەبێ ئیعلانی جەنگی کەی لەگەڵ جەهلا
عیلم چەك بێ لە ئەم جەنگە وەتەن جێگای کەمینت بێ

( علاءالدین، ١٩٨٥ : ١٧٥ )

لێرەدا شاعیر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا پێویستە بەهۆی بەدەستهێنانی ئەقڵ و هونەر ڕێگەی ژیان ڕۆشن بکەیتەوە، بە زانست جەنگی نەزانین بکەیت و بەهۆیەوە وڵات بەرەو پێش ببەین.

### بڕوابەخۆبوون :

کەسێک بیەوێت بە ئامانجێکی دیاریکراو بگات پێویستە بڕوای بە خۆی هەبێت، چونکە (( خاڵێکی تری سەرکەوتن بریتییە لە هێزی ئیرادە، کەسەکە توانا و هێزێکی زۆری هەیە بۆ زاڵ بوون بەسەر کۆسپ و تەگەرەکان و ماندوو نابێت، چونکە وشەکانی، نابێت یان ناتوانم یان ناکرێت ... لە ژیانیدا بوونی نییە، ئیرادە هێزێکی ئەفسوناوی وا دەبەخشێت بە مرۆڤ، کە پەرجوو ئاسا بتوانێت هەموو شتێک بکات، بۆیە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی کەسەکان بەندە بەهێزی ئیرادەیەی کە هەیانە )). (حەمید، ٢٠١٦ : ٨٥) دڵداریش لە دەقێکی شیعریدا بە ناونیشانی (ئیش) هانی لاوانی کورد دەدات کەوا هەردەم لە هەوڵ و تێکۆشاندا بن و بۆ ئەنجامدانی هیچ کارێک زاراوەی وەک (نابێ) بە بیریاندا نەیەت، بەڵکو ئەگەر هێز و ئیرادەت هەبێت بە هەموو هیوا و ئاواتەکانت دەگەیت:

لەفزی (نابێ) نابێ بیزانی کە لاوی کورد تۆ
هەر بە کۆشش دێتە بەر باغی ئەمەل ئیحیا ئەبێ
(طالع) و ئیقباڵە وەهمی پایە بەندی بێ هونەر
عەزمی مەردانەت بێ هەرچیت نیاز بێ وا ئەبێ

(علاءالدین ، ١٩٨٥ : ١٧٦)

هەروەها لە دێرە شیعرێکی تردا ڕووی قسەی کردۆتە تاکی کورد و داوایان لێدەکات لە هەوڵ و تێکۆشان بەردەوام و دوورکەونەوە لە بیروباوەڕی کۆن، هەر کارێک ڕەنج و تێکۆشانی بۆ بدرێت ئەوا بێگومان ئەنجامی باشی دەبێت:

ئەی برا لادە لە فکری کۆن و زوو سا ڕاپەڕە
کارەکەت چا ڕێك بخە، ڕەنجت هەبێ خۆی چا ئەبێ

(علاءالدین، ١٩٨٥ : ١٧٦)

هەروەها لە دێرە شیعرێکی تردا لە هەمان شێوەدا دەڵێ :

مردنە ژینت بە بێ کاری، لە سستی لابدە
هەر بە ڕەنجی لاوی وەك تۆ، نیشتمان ئاوا ئەبێ

(علاءالدین ، ١٩٨٥ : ١٧٦)

بێکاری بە شێوەیەک لە مردن دادەنێت، داواکارە کوردەکان ڕەنج بدەن تا بەو ڕەنجە وڵات بەرەو پێش ببەن، پێویستە مرۆڤ بوونی خۆی لە ناو کۆمەڵدا بسەلمێنێت، چونکە بەو ڕەنج و هەوڵدانەی تاکەکانە کەوا وڵات پێشدەکەوێ، چونکە ((ڕاچڵەکاندنی تواناکان بە پەیبردن دەست پێدەکات یەکەمجار بزانە تۆ کێیت؟ پاشان هەر بەو شێوەیەی کە هەیت خۆتت پێ قبوڵ بێت، چونکە پێ باش بوونی خۆت بەشێکە لە خۆ نرخاندن، کەواتە هەر دەبێت خودی خۆتت پێ پەسەند بێت.

خۆ نرخاندنیش لەم سیانە پێک دێت:

یەکەم: قبوڵ کردن- خودی خۆتت پێ قبوڵ بێت هەرچۆنێک کە هەیت.

دووەم: خۆنرخاندن- بەهای خۆت و ئەزموونەکانت، بیرۆکەکانت، تاقیکردنەوەکانت بزانیت.

سێیەم: خۆشەویستی خود، مادام خوای گەورەت خۆش دەوێت، بێگومان دەبێت بەخشینەکانت خۆش بوێت، تۆ خۆتت خۆش بوێت، خۆتت پێ پەسەندە، ڕەنگت، بەژن و باڵات، باوک و دایکت پێ قبوڵ بێت، ناوی خۆتت پێ پەسەندبێت، گەر ئەم پێ پەسەندبوون و نرخاندنە نەبێت، ئەوا لاوازی لە وێنەی خودیدا دروست دەبێت، لاوازی لە بەدیهێنانی خودیدا، لاوازی لە خۆ نرخاندندا دێتە کایەوە )). (تەنیا، ٢٠١٦ : ٣٨)

## دەرکەوتن بە ئاکاری جوان :

خاڵێک لە خاڵەکانی سەرکەوتن، بریتییە لە پەیبردن بە توانا و هێزە شاراوەکانی خۆت، ئەگەر پەی بە تواناکانی خۆت نەبەیت هیچی لێ نەزانیت ئەوا ناتوانیت بەکاریانبهێنیت و سوودیان لێوەربگریت، بۆ ئەوەی بگەیت بە ئامانج ((توانا حەشاردراوەکانی ناخی خۆت ڕاچڵەکێنە. خوای گەورە لەسەر جوانترین شێوە دروستی کردویت، بزانە هێزە بێسنوورەکەت لە ڕۆشنگەری گشتی و تایبەتیدا زۆر بەرفراوانە. وتمان پەروەردگار مرۆڤی لەسەر جوانترین شێوە ئەفراندووە ))،(تەنیا، ٢٠١٦: ١١٢، ١١٣) هەروەکو لە قورئانی پیرۆزدا لەمبارەیەوە دەفەرموویت: { لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ }(سورەتی التین، ئایەتی ٤)، واتە (( بە ڕاستی ئێمە ئینسانمان لە جوانترین شێوە و ڕێکوپێکترین شێوازدا دروست کردووە لە هەموو ڕوویەکەوە ))،(محەمەد ئەمین، ٢٠٠٤: ٥٩٧) کەواتە ئەگەر مرۆڤ جوانترین و باشترینی بوونەوەرەکان بێت، بۆ بە جوانترین شێوە ئاکار و ڕەفتارەکانی پیشان نەدات؟!.

ئەگەر لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵبدات لە شێوەی ئەوەی ئاکار یان ئەخلاق چییە؟ دەتوانین لە وەڵامدا بڵێین، (( ئەخلاق بریتییە لە زنجیرەیەک پرەنسیپ (مەبدەء) و ڕێ و یاسا و ڕێ و شوێن کە ڕێنوێنیمان دەکەن لە کردەوەکانماندا، لە مامەڵەکردنماندا لە تەک ئەوانی دیکە و بگرە لە مامەڵەکردنماندا لە تەک زاتی خۆمان، دەستورە ئەخلاقییەکان پێمان دەڵێن پێویستە چی بکەین، بۆ نموونە، وا مامەڵە لە تەک ئەوانی دیکە بکە وەک ئەوەی کە دەتەوێ مامەڵەت لە تەکدا بکەن))،(ڕەفیق، ٢٠٠٩: ٣٥٧- ٣٥٨) هەرچەندە ناتوانین پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ئاکار بکەین، چونکە ئاکار وەک هەر شتێکی تر باش یان خراپ دەبێت بە پێی گونجان و نەگونجانی لەگەڵ پەیامەکانی ژیاندا، چونکە گونجاندن لە نێوان تاک و کۆمەڵ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ئاکار و ڕەفتارە پەسەند یان ناپەسەندەکان دەستنیشاندەکرێن.

ئەم بابەتەش وەک بنەمایەکی پڕۆگرامکردن لە ڕێگەی زمانەوە لە شیعری دڵداردا دەردەکەوێت، هەروەکو لەو دێرە شیعرەی خوارەوەدا داوا دەکات کە تاکی کورد هەردەم دووربین بن و هەموو هیوا و ئاواتیان خزمەتکردنی میللەتەکەی خۆیان بێت، هەروەکو دەڵێ:

لە ڕێگای شان و بەرزیدا دوور ئەندێشێکی ووریا بە
مەنافیع پەروەری میللەت ئەبێ ئامانجی ژینت بێ

( علاءالدین، ١٩٨٥ : ١٧٦)

هەروەها لە شیعری (ئەی لاو) دا هانی لاوانی کورد دەدات کە خاوەن ڕەوشت و ئاکاری جوان بن، دەڵێ:

لە دنیادا هەقی ژینت هەیە تاکو نەفەس دانێی
بەڵام چاکە و ڕەوشتی چاك دەبێ ئایین و دینت بێ

(علاءالدین، ١٩٨٥ : ١٧٥)

لەم دێرە شیعرەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەوا تاکو هەناسەت هەبێ ئەوا هەر لە ژیان دای، بەڵام ژیانی ڕاستەقینە ئەو ژیانەیە کەوا کار و ڕەفتاری چاك بەرنامە و پڕۆگرامی ژیانت بێت.

لە دەقێکی شیعری تریشدا بە ناونیشانی (مەی)، داوا لە تاکی کورد دەکات لە مەی خواردنەوە دووربکەونەوە، ئەم کارە بە ئاکار و ڕەفتارێکی جوان نازانێت، پێیوایە:

فەرقی ئینسان و وڵاغ ئەندێشەیە، ئەندێشەیە
بۆ نەمانی عەقل و ئیدارك مەی دزێکی کاریە
چەند کەسێکم من ئەناسین خاوەنی جاهو شەرەف
ئێستە مەنکوبی شەرەفن پیشەیان غەم خواریە

( علاءالدین ، ١٩٨٥ : ١٨١)

شاعیر دەیەوێ ئەوانەی گوێبیست و خوێنەری شیعرەکانی دەبن لە مەی خواردنەوە دووربخاتەوە، بۆ گەیشتن بەو نیازەش زمانێکی شیعری جیاواز دەگرێتەبەر و پێیان دەڵێ کەوا مرۆڤ تەنها بە ئەقڵ و هۆش لە ئاژەڵ (وڵاغ) جیا دەکرێتەوە، پێویستە مرۆڤ بتوانێت سوود لە ئەقڵ وەربگرێت، نەك خۆی هۆکارێك بێت بۆ دووركەوتنە لە ئەقڵ، هەروەکو ئەوەی لە ڕێگەی مەی خواردنەوەوە پێیدەگەن، لە دوو نیوە دێرەکەی خوارەوەشدا نموونە بۆ ئەم حاڵەتە دەهێنێتەوە، کەوا خەڵکانێکی خاوەن پلە و پایەی ناو کۆمەڵگا بەهۆی گرتنەبەری ئەم ڕێگەیە تووشی نەهامەتی و سەرگەردانی بوون.

## کارکردن و ڕەنجدان بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵ :

ژیان بە کارکردنەوە جوانە، هەموو یاسا و ڕێسا ئاسمانی و مرۆییەکان بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە پێویستە هەموو کەس کار بکات تا بەرهەمی کارەکەی خۆی دەستبکەوێت، هەروەکو ((خوای گەورە هانمان ئەدات بۆ کارکردن، گەر کار بکەیت دەستکەوتت دەبێت، لە خۆت ڕازی دەبیت، چونکە خۆتت بەرجەستە کردووە، خۆ بەرجەستە کردنیش لە میانەی لەخۆ گەیشتندایە، لە خۆنرخاندیشدا تۆ باشتر دەبیت و زیاتر لە خۆت ڕازی دەبیت و زیاتر و زیاتر خۆت بەرجەستە ئەکەیت، متمانەت بە خۆت زیاتر ئەبێت))،(تەنیا، ٢٠١٦، ٦٥-٦٦) هەروەکو لە قورئانی پیرۆزدا سەبارەت بەو بابەتە دەفەرموویت، { وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ} ، (سورەتی التوبة، ئایەتی ١٠٥) واتە: (( بەو خەڵکە بڵێ، ئێوە هەرچی دەتوانن لە کار و کردەوە ئەنجامی بدەن، چونکە خوا کار و کردەوەتان دەبینێت و ئاگادارە بە نهێنی و ئاشکرایی، هەروەها پێغەمبەرەکەشی ئاگادار دەکات ... هەروەها ئیماندارانیش ئاسەوار و دەرەنجامی دەبینن، پاشان دەگەڕێنرێنەوە بۆ لای ئەو خوایەی کە زانایە بە نهێنی و ئاشکرا، ئەوسا ئاگادارتان دەکات لە هەموو ئەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن )). (محەمەد ئەمین، ٢٠٠٤ : ٢٠٣)

لە شیعرەکانی دڵداردا، جگە لەو بابەتانەی کەوا لە لاپەڕەکانی ڕابردوودا هەڵوەستەمان لە سەریان کردووە، دەبینین لە چەند شیعرێکی تردا بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ ئامۆژگارییەکی تر ئاڕاستەی خوێنەری شیعرەکانی کە بریتییە لە هاندانیان بۆ کارکردن، هەروەکو لە دەقی شیعری (ئیش) دا دەڵێ :

دڵ بە دوو ئەفسانە کەوت وای ئەزانی وا ئەبێ
ئیشی دنیا ڕەنجی پێناوی بە خۆی کۆتا ئەبێ

(علاءالدین، ١٩٨٥ : ١٧٦)

لەم کۆپلەیەدا پێماندەڵێ هەڵەین ئەگەر وا بزانین کارەکانمان بۆ خۆیان بە ئەنجام دەگەن، بەڵکو پێویستە بۆ هەموو کارێک ڕەنج و تەقەڵا بدەین، تا ئەنجام بەدەستبهێنین.
هەروەها لە کۆپلەیەک لە دەقی شیعری (لاوی کوردان) دا، چوست و چالاکی لاوان بە مەرجی سەرکەوتنی میللەت ناودەبات و دەڵێ:

میللەتێ گەر لاوی چوست بێ زیندووە هیچ نامرێ
هیچ بە زیللەت دەست و پایان وا لە بەندی ناخرێ
سەد هەزار تیخی زەمانە بێت و ئەستۆی نابڕێ
لاوی ئێمەش هەر لە دەورەی مەی ئەکەن غیرەت کەشی

(علاءالدین ، ١٩٨٥ : ١٧٦)

لێرەدا شاعیر پێشکەوتن و مانەوەی میللەتان بەوە دەبەستێتەوە کەوا پێویستە لاوەکانیان چوست و چالاك بن، ئەگەر وەها بن سەرکەوتوو دەبن و ناکەونە ژێر دەستی ناحەزان، بەڵکو ڕووبەڕووی نەهامەتییەکانی ژیان دەبنەوە، بەڵام بە داخەوە لاوانی کورد بە پێچەوانەوە بە مەیخواردنەوەوە خەریکن.
هەمان جەختکردن لەسەر پێویستی کارکردن، لە دەقێکی شیعری تریشدا دەبینرێت، کە دەڵێ:

هەڵسە بێ کاری هەتا کەی بێ حقوق و بەندکراو
هەڵسە بێ کاری هەتاکەی هەی لەژێر خاك دازڕاو
هەڵسە بێ کاری هەتاکەی (معرضی أهداف) ڕاو
هەڵسە، هەڵسە بەس لە دەوری مەی مەکە غیرەت کەشی

(علاءالدین ، ١٩٨٥، ٢٠٥)

بەهەمانشێوە لە دەقی شیعری (ڕۆڵەی تازە) دا ڕووی قسە دەکاتە منداڵانی کورد و ئەوەیان بیر دەخاتەوە کەوا ئەمان گەنجی داهاتووی وڵاتن، پێویستە بەردەوام لە ڕەنج و تێکۆشاندابن، بۆ ئەوەی بتوانن سوودێک بە وڵات بگەیەنن:

| | |
|---|---|
| ئێمە بەیانی گەنجین | لەم خاکەدا لە ڕەنجین |
| ڕەنجدان نیشانەی گەنجە | ئێمەش خوڵقاوی ڕەنجین |
| وەتەن باغی جینانە.. | محتاجی بازوو و شانە |
| هەرکەسێ کۆشش کەربێ | لەم باغە باغەوانە |
| وەتەن محتاجی تۆیە | ڕێگاکەت جوست و جۆیە |
| میللەتێ سست بژیتن | لە مەیدان وەکو گۆیە |

( علاءالدین ، ١٩٨٥ : ١٩٩)

## ڕەخنە لەخۆگرتن و چاوپۆشی کردن لە هەڵەی کەسانی تر :

خاڵێکی تر، یان بنەمایەکی تر لە بنەماکانی سەرکەوتن بریتییە لە ڕەخنەگرتن لە خود، ئەو کەسەی دەیەوێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، پێویستە بە دوای هەڵەی خەڵکەوە نەبێت، بەڵکو هەڵەکانی خۆی ببینێت و هەوڵی چارەسەرکردن و بنبڕکردنیان بدات، ((کاتێک کەوا هەموو سەرنجی خۆت دەخەیتە سەر ئەوەی کەوا گلەیی لە خەڵکانی تر بکەیت، ئەوا تۆ هێز و توانای خۆت بە هەدەر دەدەیت و کاتی خۆت بە فیڕۆ دەدەیت. لە بڕی ئەوە هەوڵبدە هێز و توانای خۆت لە باشترکردنی شێوازی ژیانی خۆت بە فیڕۆ بدەی))،(الفقي، ٢٠٠١: ٨ ، ٩) بە پێی لێکدانەوە فەلسەفییەکانیش پێویستە بۆ گۆڕینی واقیع لە گۆڕینی خۆمانەوە دەستپێبکەین، هەروەکو دەگوترێت: ((گەر تۆ دەتەوێ واقیع بگۆڕیت بیرکردنەوەی (تۆ) بگۆڕە، تاکو بتوانیت بیرکردنەوەکەت بگۆڕیت))،(تەنیا، ٢٠١٦: ١١٣) چونکە لە هەڵەکانی خۆتەوە زیاتر فێر دەبیت، بۆیە فەیلەسوفانیش لەمبارەیەوە قسەیان هەیە، بۆ نموونە: (( کۆنفۆشیۆس دەڵێ: ئەوەی مرۆڤی بیرمەند بە دوایدا دەگەڕێ ئەوا لە خودی خۆیدا هەیە، بەڵام ئەوەی مرۆڤی ئاسایی بە دوایدا دەگەڕێ ئەوەیە کە لای خەڵکی تر هەیە )).( الفقي، ٢٠٠١ : ٣٧) هەروەکو دڵدار ڕووی ئامۆژگاری دەکاتە لاوانی کورد و پێیان دەڵێ: هەموو لاوانی جیهان خەریکن بەرەو سەربەستی هەنگاو دەنێن، پێوستی لاوانی کوردیش لە بێئاگایی دەربچن و سەیری خۆیان بکەن، کەوا لە چ بارودۆخێکی ژێر دەستیدا دەژین:

لە ساتێکی وەها تەنگ و لە کاتێکی وەها پەستی...
کە عالەم گشتی هەستاون ئەبێ کەی تۆش لە خەو هەستی
بە چاوی ڕاستەقینە سەیری خۆت کەیت و بکەی هەستی
کەوا مەحرومی سەربەستی لە ژێر دەستانا ژێر دەستی
لەگەڵ لاوی نهێنی کورد بڵێ سەربەستی سەربەستی

(علاءالدین ، ١٩٨٥ : ١٩٤)

لێکۆڵینەوەکە بە وتەیەکی شاعیر و ڕەخنەگر (کاکەی فەللاح) کۆتایی پێدەهێنین، کە پێیوایە شیعرەکانی دڵدار(( زۆرتر سەرنجی خوێنەر و لێکۆڵەرەوە بۆ بەهرە و توانای گۆڕین و نوێکردنەوە و پێشکەوتن و داهێنانی شاعیر بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و ئەو حەقیقەتە دەسەلمێنن کە شاعیری جوانەمەرگ و تەمەن کورتمان، ئەگەر نەخۆشی و سەرقاڵی خوێندن و مەرگ لێی بگەڕایە گیانی نوێکردنەوە و داهێنانێکی ئەوتۆی تیابوو کە بەرهەمەکانی تری واتە ئەوانەی کە نەزابوون، زۆر لە زاوەکان هونەرمەنداتر و پوختەتر و ڕەسەنتر بوونایە)).( کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ١١٤).

## 4. ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەچەند ئەنجامێک گەیشتین کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. زمانەوانی دەماری وەک زانستێکی تایبەت بە زمان تازە دەرکەوتووە، لەبەرئەوەی زمان پەیوەندییەکی پتەوو قوڵی لەگەڵ ئەدەبدا هەیە، دەکرێت زمانەوانی دەماری لە ئەدەبدا ڕەنگبداتەوە.

٢. کەسی قسەکەر دەتوانرێت لە ڕێگەی زمانەوانی دەمارییەوە کاریگەری بخاتە سەر کەسی گوێگر و پڕۆگرامکردنی کەسی دووەم لە لایەن کەسی یەکەمەوە بێتە کایەوە.

٣. (دڵدار)ی شاعیر لە ڕێگەی زمانەوانی دەمارییەوە هەوڵیداوە لاوانی کورد هانبدات هەوڵی سەرکەوتن بدەن، هەروەها ئامۆژگاری کردوون گەشبین بن تا سەرکەوتن بەدەستبهێنن.

٤. شاعیر ڕووی ئامۆژگاری لە تاکەکانی کۆمەڵگاکەی دەکات و داوایان لێدەکات سوود لە هەڵەکانی خۆیان وەربگرن.

٥. ئەو شاعیرە کوردە هەردەم لە هەوڵی ئەوەدا بووە تاکی کورد وا پڕۆگرام بکرێن کە سوود بە خۆیان و بە وڵات بگەیەنن، هەر بەمهۆیەوە داوا لە لاوان دەکات کەوا لە ڕەنج و هەوڵدان دابن و کات بەفیڕۆ نەبەن، هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئامۆژگاریکردن بە زمانێکی تایبەت، تاکی کۆمەڵگاکەی بهێنێتەوە سەر ڕێگایەکی ڕاست، چونکە بە هۆی لە ڕێ لادانیان شاعیر تووشی ڕەشبینی بووە و دەیەوێ لەم ڕەشبینی و نائومێدییە ڕزگاری ببێت.

## 5. لیستی سەرچاوەکان


**قورئانی پیرۆز.**

**بە زمانی کوردی :**

**کتێب :**

ئیبراهیم، محەمەد عەبدولکەریم، ٢٠١٢، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

تەنیا، جەبار، ٢٠١٦، وەرگێڕانی سەرجەم بەرهەمەکانی د. ئیبراهیم فەقێ، بەرگی دووەم، چوار کتێب لە کتێبێکدا، بڵاوکراوەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

حلمی، ڕەفیق، ١٩٨٨، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، مطبعة التعلیم العالي، بغداد.

حەسەن، سەروەر، ٢٠١٣، (وەرگێڕان)، ڕێگای سەرکەوتن، د. إبراهيم الفقي، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی دووەم.

خەزنەدار، دکتۆر، مارف، ١٩٨٤، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە، بریتییە لە چوارده لێکۆڵینەوە، المؤسسة العراقیة للدعایة و الطباعة.

خۆشناو، د. نەریمان عەبدوڵلا ، ٢٠١٣، زمانی ستانداری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

ڕەفیق، فاروق، ٢٠٠٩، فەلسەفە و ژیان، لە بڵاوکراوەکانی خانەی حیکمەت بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفی، ناوەندی ڕۆشنبیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

ڕەنجدەر، سەباح، ٢٠١٤، ئەزموون وەک ئاخاوتنێک لە ناو ژیان، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

سابیر، د. پەریز، ٢٠٠٦، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

علاءالدین، عبدالخالق، ١٩٨٥، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، دار آفاق العربیة.

عەبدولقادر، ئەمیر ئەحمەد، ٢٠١٥، بەرەو ترۆپکی سەرکەوتن، کۆکردنەوە و وەرگێڕان، چاپی یەکەم، کتێبخانەی جودی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

فەلاح، کاکەی، ١٩٧٨، کاروانی شیعری نوێی کوردی، مطبعة المجمع الکردی، بغداد.

مەحمود، ئەحمەد کاکە، ٢٠٠٩ ز. ، تەفسیری ڕامان لە مانا و مەبەستی قورئان، چاپی دووەم، چاپخانە: دار الفکر، بیروت، لبنان.

محمدامین، بورهان، ٢٠٠٤، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، پێداچوونەوەی لیژنەیەک، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر، سلێمانی- هەولێر، نشر احسان.

**نامەی ئەکادیمی :**

ئەحمەد، پەخشان عەلی، ٢٠٠٧، شێوازی شیعری گۆران، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی کۆیە.

حمید، سۆزان برایم، ٢٠١٦، بنیات و پێکهاتەی هەقایەتی کوردی لەبەر ڕۆشنایی NLP دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

**گۆڤار :**

تۆفیق، پ.ی.د. قەیس کاکل، و محێدین، م. کوردستان ڕەفیق، ٢٠١٤، سردووی ئەی ڕەقیب، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣١)، ل. ١١٩- ١٥٧.

حەسەن، محەمەد فەریق، ٢٠٠٦، زمان بونیادێکی زیندووە وەک ئامێر بۆی مەڕوانە، گ. ئاییندە، ژمارە ٦٨، ئەیلول، ل.٣٣- ٤٥.

سەعید، پ.د. یوسف شەریف، ٢٠١٠، زمانەوانی و گشت لقەکانی کە لەوەوە سەریان هەڵداوە، گ. زمانناسی، ژ. ٨ ،١٠،٩.

شارەزا، کەریم، ١٩٨٤، دڵدار و شیعری ڕۆمانسی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٢٥، ت. ١، ساڵی سێیەم.

شێخانی، د. سەمیر، ٢٠٠٩، مرۆڤ لە سەرکەوتن تێر نابێت، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە ٤٠، ساڵی ١١، ت. ٢، ل. ١٨٥- ١٩٥.

**بە زمانی عەرەبی :**

الفقي، الدکتور ابراهيم، ٢٠٠١، البرمجة اللغوية العصبية و فن الاتصال اللامحدود، للكاتب و المحاضر العالمي الترجمة بيير ناشو، المراجعة أمال الفقي، الاخراج و الطباعة منار للنشر و التوزيع- دمشق- سوريه.

الفقي، د. ابراهيم، ١٤٢٩ هـ، ٢٠٠٨م. سحر القيادة، كيف تصبح قائدا فعالا، الكاتب و المحاضر العالمي، دار الاجيال للطباعة و النشر و التوزيع، القاهرة – مصر، الطبعة الثانية.

**بە زمانی ئینگلیزی :**

Ahlsen, Elisabeth (2006). Introduction to Neurolingustics. Amsterdam/ Philadelphia ، John Benjamins Publishing company.

www.mawdoo3.com

www.httpnfma3rifa.blogspot.com